خاوەنی ئیمتیاز

خەسرەوی عەبە رەشی

بازرگان

سەرنووسەر

حسین بەفرین


# هەڵوێست
Halwest

## ( پیرەمێرد نامە )



بۆ ئەوەی كە خۆی كەوتە و نابوودە
داوو دەرمانی عەتار بێ سوودە
ئەو شوێنەی كە وا وتیان :(خەرمیزە)
(كەر) لێ ی ئەمیزێ یەكسەر بەڕێزە
مەڕوانن ئەمە پیشەی (كەری) یە
مۆدەی ئەم دەورە چاو لێكەری یە


هەفتەنامەیەكی رۆشنبیریی گشتی و (ئەهلی)یە لەسلێمانی دەرئەچێ — ژمارەی (١٨) - ٢٠٠٥/٩/٢٤


# گەندەڵی گۆڕی ئەوانەیە كە درووستی ئەكەن !

ماوەیەك لەمەوبەر لە شاری (رانیە) خەڵكی دەروازەكەی (راپەڕین)ی ساڵی ١٩٩١ بە شێوەیەكی هێمنانە خۆپیشاندانێكیان دژی ئەو حكومەتەی كە ئەو (راپەڕین)ە درووستی كرد نیشاندا ، پاش ئەوانیش بە ماوەیەكی تر خەڵكی (كەلار)ی (گەرمیان)یش بە شێوەی تەقینەوە و راپەڕین و توند و تیژی نواندن درێژەیان بە كردەوەكەی (رانیە) و چاوەڕوان ئەكرێت ئەو كار و كردەوەیە پەل بۆ شار بە شار و تەنانەت گەڕەك بە گەڕەكیش بهاوێت : لە سەرێكەوە بە دەسەڵاتی دەسەڵاتداران بڵێت یا چاكسازی و ژیان خۆشكردنی گشتی كۆمەڵ یا رووبەڕووبوونەوە و شەڕی دەستەو یەخە. لە سەرێكی ترەوە بۆ هەموو هێز و تاقمێكی كوردی روون بكاتەوە كە وا هۆشیاری سەری هەڵداوە و ئیتر ئەو جەستە سڕكراوەی بە مەبەستی جیا جیا مت كرابوو بە ئاگای بۆتەوە و هەم ئازادی ئەوێ و هەم گوزەرانی ئەوێ و هەم خۆشی ژیانی ئەوێ .

سەرچاوەی هەموو گرفت و ناهەمواری یەكیش كە ئەم نارەزای یەی خەڵكی بەرهەم هێناوە گەندەڵی دەسەڵات و گەندەڵی ئیدارە كردنی دەسەڵاتە. ئەو گەندەڵیەش هەر لە سەرەتای دەست بە كار بوونی دەسەڵاتی حیزبی سیاسیەوە واتە هەر لە (١٩٩١)ەوە بۆتە تەوق و ئاڵاوەتە گەردنی كۆمەڵەوە و وەك مۆتەكە شەرعی یەتی هەتا هەتایی بەخۆی داوە كە سەر دڵ و بەرۆكی خەڵكی بەرنادات . ئەو گەندەڵیەی سەرتاپای جەستەی دەسەڵات و دەسەڵاتی ئیدارەكردنی هەر لە سەرەوە تا خوارەوە داڕزاندووە و هیچ ئومێدێكی چاكبوونەوەی لێناكرێ و لەوەش ناچێت بڕی رێگایەكی دوور و درێژی ژیان بكات و لە نیوەی رێدا لاس نەبێتەوە . سەرەتا گەندەڵی سیاسی بوو دواتر بووە گەندەڵی ئیداری و كۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت ئەخلاقی و بیر و باوەڕ و (هۆش)یشی گرتەوە ، ئێمە لەو بڕوایەداین هەر كات رووبار توانی بەرەو سەرچاوەكەی بگەڕێتەوە ئەوساش ئەشێ ئەو جەستەی گەندەڵیەش دەستی بگاتە مەحاڵ و خۆی لە مردن رزگار بكات بەڵام یاساكانی ژیان كاری پێچەوانە نە

## ( ئۆردۆغان )یش ویستی بڵێ منیش پیاوم!

لە ٢٠٠٥/٨/١٣ دا رەجەب تەیب ئۆردۆغان سەرۆكی وەزیرانی توركیا لە سەردانی (دیاربەكر)دا قسەی لەوە كرد كە كێشەی كورد كێشەیەكی هاوبەشی



هەموو لایەكە و پێویستە هەموو لایەكیش پێكەوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە ، بەڵام دواتریش دەركەوت كە ئەو قسانە جۆرە مامەڵەیەكی سیاسی بوو بەرامبەر بە كورد ئەگین دەسەڵاتی تورك بە (ئەتاتورك) بێت یا بە (بوڵند ئەجەوید)بێت یا بە (رەجەب تەیب ئۆردۆغان)بێت هەر دەسەڵاتی توركە و هەر یەك بیر و بۆچوونی داگیركەرانەیان هەیە و هەر یەك مەبەستی توركانەشیان هەیە بەڵام جۆری مامەڵەیان ئەشێ جیاوازی تیا بێت و هیچی تر ، وەك ئەوەی كوردیش لەو مامەڵە جۆر بەجۆرانە وریا بووبێتەوە و لە قسە و بۆچوونەكانی هەموو جۆرە دەسەڵاتەكانی تورك گەیشتبێت هەر ماوەیەك پاش ئەو گفت و بەڵێن و قسە زلانەی ئۆردۆغان كار كردەوەیەكی نوێ ی بۆ خەباتی سەرجادە بە چەكی (بەرد هاویشتن) بۆ خۆی دیاری كرد و رۆژانە هەوڵی پەرەپێدان و قایم راگرتنی ئەدات ئەمەش لە مێژووی نەتەوەی كورددا بیر كردنەوەیەكی نوێ یە لە رووبەڕووبوونەوەی دوژمناندا بیركردنەوەیەكە بۆ گواستنەوەی خەباتی چەك و شاخ بۆ خەباتی بەرد هاویشتن و سەرجادە واتە لە ترس و هەڵاتنەوە بۆ جورئەت و رووبەڕووبوونەوەی دەستەو یەخە .

هەڵوێست

## لە سەر ئینەر نێت بخوێنەرەوە

مژدەیەكی خۆش بە خوێنەران ئەدەین كە لە مەو بەدوا ئەتوانن (هەڵوێست) لە سەر (سایتی دەربەندیخان) ببیننەوەو بیخوێننەوە كە لە رێگەی دڵسۆزانەوە ئەم پێگەیەیان بۆ كردوینەتەوە ئێمە سەرەڕای ئەوەی لە دڵەوە سوپاسی (سایتی دەربەندیخان) ئەكەین ، رێزمان بۆ ئەو دڵسۆزانەش هەیە . ئەمەش پێگەكەیە :

WWW. Darbandixan . Com / Halwest



## تەنها (د. ئەیاد عەلاوی) ئەزموونی ئێران رەت ئەكاتەوە

دەستوری هەمیشەیی عێراق دەری خست كە ئەم وڵاتە رۆژێك لە رۆژان دووبارەبوونەوەی ئەزموونی ئێرانی ئەبێت و ئەشبێتە وڵاتێكی ئیسلامی شیعە مەزهەب لەناو خەڵكە سیاسی یەكانی عێراقدا ئەوەی تا ئێستا بە راشكاوی دژی دووبارە بوونەوەی ئەو دیاردە سیاسی یەیە هەر (د. ئەیاد عەلاوی)یە ، كە بەردەوام لەگەڵ دەسەڵاتێكی سیاسی دینیدا نی یە و رەتی ئەكاتەوە لە كاتی نووسینەوەی ئەو (دەستووره هیچە)ی بۆ عێراق ئامادە كرا ئەبوایە سیاسی یەكانی كوردیش هیچ نەبووایە ئەوەندەی (د. ئەیاد) جۆرئەتیان هەبووایە چونكە درووستوونی ئەو جۆرە دەوڵەتە تەنها زیانی گەورەی بۆ كورد هەیە بیەوێ و نەیەوێ!.

## كوردستان وڵاتی سەیر و سەمەرەیە!

بەپێی سەرچاوەی هەواڵەكانی جیهان رۆژی ٢٠٠٥/٨/٢٢ لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی (كەرتی سلێمانی)ەوە مۆڵەتەی رەسمی بە ژمارە (١٢٣٨٢) درا بە گروپێكی نیمچە سیاسی نیمچە ئاژەڵی بە ناوی (كەر گەلی كوردستان)ەوە بە ڕابەری (عومەر حسەین) ناسراو بە (عومەرە كلۆڵ) ئەوەی شایانی باسە ئەم رێكخراوەیە گۆڤارێكی (رۆشنبیریی) بە ناوی (كەرگەلی كوردستان) دەرئەكەن كە تا ئێستا (٢) ژمارە (بە زمانی خۆیان ٢ جووتە)ی لێ دەرچووە بە دووری نازانین ئەم رێكخراوەیە لە وڵاتێكی وەكو كوردستاندا رۆژێك لە رۆژان گەورەترین جەماوەری لێ كۆبێتەوە و بەشداری هەڵبژاردنەكانی (پەرلەمان) و شارەوانی و كارە دەوڵەتیەكانی تر بكات و پلەی بەرز بە دەست بهێنێت چونكە لە كوردستان شت بە سەرەیە و هەر شتەش رۆژێكی هەیە تا سەرەی دێت و خەڵكی وەك مێش تێی بدات و بە چاوی هەق بۆی بڕوانن ، هەر لەبەر ئەوە لەوڵاتی ئێمە هیچ شتێك جێ ی سەرسوڕمان نی یە چونكە لە رووی دنیادا یەكەمین وڵاتی دیموكرتی و ماف مرۆڤ و ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی یە خوا تێكی نەدات و لە چاوی وەی بە دوور بێت.




## لەم ژمارەیەدا


- چاوپێكەوتن لەسەر دەستووری هەمیشەیی ............................ ل٢
- ئەوە ئاوڕدانەوەیە یا درۆ نووسینەوەیە ............................ ل٣
- هەرماڵی( د.عەلی وەردی )مابوو وێرانی بكەن ! ............................ ل٤
- دەق لەنێوان ( وەرگێڕان ) و ( شێواندن ) دا ............................ ل٥
- دواهەمین هەناری دونیا لە چی یەوە دزراوە و چۆن دزراوە؟.................. ل٦


پاشكۆیەكی ئەدەبی لەگەڵدایە